خەڵکی لەگەڵ پێشەوایان وزانایان ی سەلەفدا

بەسەر

سێ کۆمەڵدا

دابەش ئەبن.

نووسەر : مامۆستا ئوسامە تەوحیدی
شارەزووری (حفظه الله تعالى)

خەڵكـی لـەگەڵ پێشەوایـان وزانایـان ـی سەلەفـدا بـەسەر سـێ كۆمەڵـدا دابـەش ئـەبـن

نووسەر :

مامۆستـا ئـوسامە تـەوحـیدی (شارەزووری)

حـفظه الله تـعـالی

بسم الله الرحمن الرحيم

مناصري

الدولة الإسلامية

خلافةٌ على مِنهاجِ النُّبوّة

- ١٤٤٨ك -

کۆمەڵی یەکەم

زیادەڕەوی ئەکەن لە وتەکانی زانایانی سەلەف بە جۆرێک وتەکانیان وەک پارێزراو و مەعصوم لەهەڵە سەیر ئەکەن وتەی زانایانی سەلەف وەک ئایەت وفەرموودەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لێی ئەڕوانن لە کاتێکدا سەلەف خۆیان فێریان کردووین کە ڕاست ئەپێکن و هەڵەش ئەکەن چونکە ئەوانیش مرۆڤن.

شێخ ی ئیسلام ابن تیمیة رحمه الله تعالی فەرموویەتی :

الرجل العظيم في العلم والدين من الصحابة والتابعين ومن بعدهم إلى يوم القيامة أهل البيت وغيرهم قد يحصل منه نوع من الاجتهاد مقرونًا بالظن ونوع من الهوى الخفي فيحصل بسبب ذلك ما لا ينبغي اتباعه فيه وإن كان من أولياء الله المتقين ومثل هذا إذا وقع يصير فتنة لطائفتين طائفة تُعظِّمه فتريد تصويب ذلك الفعل واتباعه عليه وطائفة تذمه فتجعل ذلك قادحًا في ولايته وتقواه بل في بره وكونه من أهل الجنة بل في إيمانه حتى تخرجه عن الإيمان! وكلا هذين الطرفين فاسد

[منهاج السنة النبوية (4/ 543)]

واتا پیاوی گەورە لە زانست ودین لە هاوەڵان و تابعین و ئەوانەی دوای ئەوانیش تارۆژی قیامەت لە ئەهل بەیت ی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وجگە لەوانیش توشی جۆرێک لە اجتهاد وهەوڵ وکۆشش ئەبێتەوە کە ئەم اجتهادەی تێکەڵ ئەبێت لەگەڵ گومان و جۆرێک لە حەزی شاراوەی دەروون ی لەبەر ئەمەش شتێکی لێوە دەرئەچێت لەوتە یان کردار کەن ابێت شوێنی بکەویت لەوشتەدا ئەگەرچی ئەوکەسە

لە دۆستە بە تەقواکانی الله تعالی ش بێت نمونەی ئەمەش کاتێک ڕوو ئەیات ئەبێت بەفیتنە بۆ دوو دەستە وکۆمەڵ کۆمەڵێک ئەوانەن کەئەو زانایە بەگەورە دائەنێن و ئەیانەوێ بەهەرنرخێک بێت کارەکەی بەڕاست دانێن وشوێنی بکەون کۆمەڵێکی تریش ئەوانەن کە سەرزەنشتی ئەوزانایە ئەکەن و ئەیانەوێ بەهۆی ئەوهەڵەیەوە لە پێگەو پلە وپایە وتەقواکەی کەم بکەنەوە بەڵکو گومان وتانە دروست ئەکەن لەسەر چاکبونی ئەو زانایە و بەهەشت ی بوونی بەڵکو هەوڵدان بۆ دەرکردنیشی لە بازنەی ئیمان ئەم دوو دەستەو کۆمەڵە هەردووولایان خراپەکار وفاسدن .

بەڵکو وتەی هەرزانایەک هەرچەند گەورەش بێت بە قورئان وسونەت وئیجماع هەڵسەنگاندنی بۆئەکرێت گەر نەیپێکابوو لێی وەرناگیرێت و ڕێزیشی پارێزراو ئەبێت چونکە الله تعالی فێری کردووین لەچاکەدا شوێن ی پێشینانی خۆمان بکەوین فەرمانی نەکردووە بەڕەهایی شوێنیان بکەوین لەهەرشتێک کەوتویانە وقسەیان وەکو وەحی سەیربکەین نانەخێربەڵکو الله تعالی ڕێنمای کردووین فەرموویەت ی :

{ وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ }

[ســورة التـوبة : 100]

لە دەستەی یەکەمی پێشەنگی کۆچکەران و پشتیوانان ئەوانەشی بەچاکە پەیڕەوی لەوان ئەکەن ئائەوانە الله لێیان ڕازیبوە وئەوانیش ڕازی بوون لەالله تعالی .

کەواتا شوێنکەوتن لەچاکەدایە لەوەی هاوتەریب ی کتاب وسونەت وئیجماعە لێرەدا لقێک لەم جۆرە کەسانە پەیدا ئەبن (وەک حەمەدانیەکان) ئەڵێن ئێمە وتەکان سەلەف بەبێ شەرح ی زانایان وەرئەگرین چونکە سەلەف خۆیان ڕوونکەرەوەی شەرعن بۆئێمە پێویستمان بەوەنیە بگەڕێینەوە بۆشەرح وتەی زانایان کەبۆ وتەکانی سەلەف

کردوویانە بۆیە شەرح ی زانایانی ئەهلی سونەت وەرناگرین بۆ وتەکان سەلەف چونکە سەلەف خۆیان شرۆڤەکار وشەرح کاری ئیسلام بوون و وتەکانیان ڕوون ورەوان بوە بۆیە پێویست ناکات کاتێک وتەیەکی سەلەف ئەبینین بە تێگەشتنی زاناکانی دوواتر وەری بگرین !

ئێمەش لەوەڵامدا ئەڵێین ئەم قسەیەی ئێوە هەمان قسەی ئەوکەسانەیە کەئەڵێن پێویستمان بەتێگەشتنی سەلەف نیە چونکە قورئان وسونەت بەزمانی عەرەبی ڕوون هاتوە بۆمان وە الله تعالی خۆی فەرموویەت ی : :

{ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ الْكِتَابَ تِبْيَانًا لِّكُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ }

[سـورة النحل : 89]

ئەم قورئانەشمان بۆ ناردیت ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تاڕوونکەرەوە بێت بۆ هەموو شتێک ببێتە ڕێنمایی و رەحمەت و مژدە بۆ موسڵمانان.

بەڵام ئێوە لە وەڵامیاندا چی ئەڵێن؟ بێگومان پێیان ئەڵێن بەڵێ بێگومان قورئان وسونەت ڕوونکەرەوەی هەمووشتێکە وبەزمانی عەرەبییەکی پاراو بەڵام ئێمە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ تێگەشتنی سەلەف بۆ تێگەشتنمان لە حوکمی ئایەتەکان و فەرموودەکان چونکە ئێمە وەک زانایانی سەلەف ئاگاداری ئەوەنین کەچی ئایەتێک ناسخ ـ وچی ئایەتێک مەنسوخە وچی ئایەتێک عام ـ وچی ئایەتێک خاص ـ وچی ئایەتێک مطلق ـ ولەچی ئایەتێکدا مقید کراوە وە ئایا چی فەرموودەیە صحیح ـ وکامەی ضعیف ـ وکامەی ناسخ ـ وکامەی منسوخ ـ .... هتد ئەم زانیاریانە بە قورئان وسونەت تەنها لەلای زانایانی سەلەف هەیە بۆیە بۆ ئەوەی لە قورئان وسونەت تێبگەین ئەبێت بەزانستی سەلەف لێی تێبگەین چونکە ئەوان زانان بەقورئان وسونەت ئێمەش ئێستا

هەمان شت بە حەمدانیەكان ئەڵێین گەر قورئان وسونەت سەرەڕای ڕوونی وپاراوبوونی بەڵام بەهۆی ئەوەی ئێمە زانست ی تەواومان بەهەموو ئایەتەكان وكاتی دابەزین وناسخ ومەنسوخ وئەحكامەكانی تری نیە ئیلا ئەبێت لەسەلەف ی وەربگرین كەواتا ئێمەش ئاگاداری هەموو ئەقوال و وتەكانی زانایانی سەلەف نین ئەوەی ئاگادارە بە قۆناغی وتەكانی سەلەف و بەوتەی ڕاجح ومەرجوح وبەوتەی عام و وتەی خاصیان بەوتەی كۆن و وتەی تازەیان بەوتەی سەنەدی صحیح و وتەی سەندپچڕاو ولاوازیان بەوتەی مەزهەب ی كۆن و مەزهەب ی تازەیە بەشێوازی مامەڵەكردنیان لەگەڵ وتەكانیان و چۆنیەتی كرداركردنیان بەوتەكانیان ئەوەی شارەزایە بەهەموو لایەن وباردۆخ ی مەنهەجی سەلەف بریتین لە زاناكانی ئەهلی سونەت وجەماعە بۆیە ئێمەش تابەجوانی دوور لەكەم ڕەوی وزیادەڕەوی تێبگەین لە سەلەف پیویستە بەوتەی زاناكانی دوواتر كە مەنهەج ی سەلەفیان بۆ ڕوونكردینەتەوە وەری بگرین ئەگینا گەر وازبهێنین لە تێگەشتنی زاناكانی دوواتر بۆ مەنهەجی سەلەف ئەوە وەك ئەوكەسانەمان لێ یەت كەواز ئەهێنن لە تێگەشتنی سەلەف بەبیانوی ئەوەی خودی قورئان وسونەت ڕوون وئاسانن پێویستمان بە تێگەشتنی مرۆڤ نابێت ! ئەمەش هەڵەیە بۆیە حەمدانیەكان لەڕوویەكەوە لەگەڵ قورئانیەكان یەك ئەگرنەوە جابەخۆیان بزانن یاخود نەزانن.

کۆمەڵی دووەم لە خەڵکی بەرامبەر بەوتەکانی زانایانی سەلەف

ئەوانەن کە ڕەفزی وەرگرتنی وتەی زانایان ئەکەن سوودمەند نابن لەزانستی پێشەواکانی هیدایەت و چرای تاریکیەکان یان ئەگەر سوودیان لەزانستی زاناکان وەرگرتبیت بەڵام سوپاس ی زاناکان ناکەن وفەزڵ وڕێزیان بۆ دانانێن ئەم کەسانە بێ بەش بوون لەخێرێکی گەورە ئەو هۆکارەش ئەم کەسانەی بەرەو ئەم هەڵوێستە برد بریتی بوو لە بڕوابوونیان بەوەی پێشخستنی وتەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەسەر وتەی خەڵکیدا بەوە ئەبێت کەوازبهێنیت لەوەرگرتنی تێگەشتنی سەلەف بۆ شەرعی الله تعالى ئەمەش تێگەشتنێکی خوارهەڵەبوو لەوکەسانەدا دەرکەووت چونکە هاوەڵان وتابعین وزاناکانی دوواتر نێوانگیری نێوان پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و ئومەتەکەی ئەون لەگەیاندنی دینەکەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و فەرموودەکان ی وله گەیاندنی واتا ومەبەستەکانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بۆیە ئەو ڕووناکیەی بەئێمە گەیشتوە لە هاوەڵان تیشکی ئەوانەوە وەرگیراوە ئەوان بوون فەرموودەکانی پێغەمبەریان بۆ گواستینەوە صلى الله عليه وسلم بەرێکوپێکی وبەواتای سوود بەخش وپارێزراوی وجیاکردنەوەی لاواز لە صەحیح ی هەربۆیە الله تعالى هیدایەت ی موسڵمانانی بەند کردووە بەوەی ئیمان هێنانەکەیان هەرکات وەک ئیمان وباوەڕی سەلەف بوو لەهەموو بوارەکانی شەریعەت چی لەتەوحید چی لە مەنهەج وچی لە حوکمڕانیدا ئەوکاتە الله تعالى شاهێدی هیدایەت ئەیا بۆمان وەکو

فەرموویەت ی :

{ فَإِنْ آمَنُوا بِمِثْلِ مَا آمَنتُم بِهِ فَقَدِ اهْتَدَوا ۖ وَّإِن تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا هُمْ فِي شِقَاقٍ ۖ }

[ســـورة البقرة : 137]

ئـەگەر بڕوایـان هێنا وەکو چۆن ئێوە باوەڕتان هێناوە ئەوا مانای وایە کە بەڕاست و ڕەوان کەوتونەتە سەر ڕێی ڕاست و ڕێنمابوون خۆ ئەگەر پشتیان هەڵکرد دیارە کە لە هەق و ڕاستیی لایانداوەو لە دژایەتیدان . (کەواتـا ئەبێت باوەڕهێـنـانت بەئیسلام بەوشێوە بێت کە پێغەمبەر صلى الله عليەوسلم و سەلەفی ئەم ئومەتەی لـەسەربـووە ئەوکـاتە تۆ لـەسەر ڕێگەی هیدایەت ـدراووی)

چەند جوان ی فەرمووە هاوەڵی بەڕێز عبد الله ی کوڕی مەسعود رضي الله عنه کە ئەیـفـەرموو :

من كان منكم متأسياً فليتأس بأصحاب محمد ـ صلى الله عليه وسلم فإنهم كانوا أبر هذه الأمة قلوباً وأعمقها علماً وأقلها تكلفاً وأقومها هدياً وأحسنها حالاً قوماً اختارهم الله تعالى لصحبة نبيه صلى الله عليه وسلم وإقامة دينه فاعرفوا لهم فضلهم واتبعوهم في آثارهم فإنهم كانوا على الهدي المستقيم

[جامع بيان العلم لابن عبد البر (2/ 947)]

هەمان ئەثەر بەسەنەدی حسن لە ابن عمرەوە هاتوە (أبو نعيم لە الحلية هێناویەتیەوە)

واتـا : هەرکەس لەئێوە ئەیـەوێت شوێنکەوتە بـێت ئەوا باشوێن هاوەڵانی محمد صلى الله عليه وسلم بکەوێـت چونکە ئەوان خاوەنی چاکترین دڵ ـن لەناوئومەتدا وخاوەن ی قوڵترین زانست بوون وە دوورترین کەسان بوون لەقوڵ بوونەوە وقورسکردنەوە لەشتی

نەخوازراو وبێ سوود خاوەن ڕاستەڕێترین ڕێگا بوون دامەزراوترین کەسان بوون لەسەر ڕێگەی هیدایەت وخاوەن باشترین دۆخ بوون لەناو ئەم ئومەتەدا لەجێ بەجێکردن ی شەریعەت ئەوان گەلێک بوون الله تعالی هەڵی بژاردن بۆ هاوڕێیەتی پێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وسلم و بەرپاکردن ی دینەکەی بۆیە فەزڵ وپلەیان بزانن وشوێنەواری ئەوان بگرنە بەر چونکە ئەوان لەسەر ڕێگەی ڕاست بوون.

بەڵێ پێویستە لەسەرمان دین و باوەڕمان وەک ئەوەبێت کە سەلەف ی ئەم ئومەتە لەسەری بووە لە هاوەڵان ودوای ئەوان.

چونکە ئەوان هەر بەعەرەبی لەدایک بوون خاوەن زمانێکی پاراو وتێگەشتنێکی قوڵ و تەواو بوون لەزمان ومەبەستەکانی زمانی عەرەبی کەهەرلەگەڵ شیری دایکیان فێری ئەو زمانە بوون پێویستیان بەوەنەبووە لەڕێگەی کتێب وماموستاوە فێری زمانەکە بن کە زمانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و قورئانە بۆیە ئەوان چونکە هەربەعەرەب ی لەدایک بوون شارەزای تەواویان لەناوەڕۆک ومەبەستەکانی وشە عەرەبییەکان هەبوو ئەوان شاهێد حاڵی دابەزینی قورئان بوون کاتێک ڕاستەوخۆ بۆسەر پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دابەزی وهۆکاری دابەزین ی ئایەتەکان ئاگاداربوون بەم هۆیەشەوە لە مەبەستەکانی ئایەتەکە تێ ئەگەشتن ولەگەڵیدا ئەژیان ئەوان ڕاستەوخۆ گوێیان لە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بووە کاتێک فەرموودەکانی فەرمووە وشێوازی دەربڕین وئاماژەکانیان بینیوە هۆکار وئامانجی وتنی فەرموودەکەیان زانیوە ئەوان ئیسلامیان وەکو خۆی وەرگرت تێکەڵیان نەکرد لەگەڵ نەریت وکلتورە بت پەرستی وجاهلیەکان و کاروباری عادەتی خەڵکی وئیسلامیان تێکەڵ بەفەلسەفە و کەلام نەکرد چونکە ئەوان

بەشێکیان خۆیان لەناو جاهلیەت وشیرک ژیان وبەشێکیشیان لە کەسوکار وبنەماڵەکانیانەوە نزیکی سەردەم ی جاهلیەت و شیرکیان بۆیان گێڕدرابوەوە و دوواتر کەبوون بە موسڵمان یان کەلەسەر ئیسلام پەروەردە بوون جیاوازیان ئەکرد لە نێوان ئیسلام وجاهلیەت بۆیە ئیسلامیان بە جوانی ئەپاراست لە تێکەڵکردن ی بەجاهلیەت و لە زیادکردن ی داهێنراو وئیسلامیان ئەپاراست لەتێکەڵ کردن ی دینەکانی تر لەگەڵ ئیسلام

سروشت ی شتەکان بەپێی قەدەری الله تعالی بەوشێوەیەیە کەهەر بانگەواز وعەقیدەیەک جا مرۆیی بێت یان دابەزێنراوبێت لەلای الله تعالی لەکات ی سەرهەڵدان ی بانگەوازەکە وسەرەتای هاتنەکەی وسەردەم ی یەکەمی بانگەوازەکە بەسەردەم ی هەقیقەت وکرۆکی ئەو بیروڕباوەڕە دائەنرێت بەڵام کاتێک کاتی بەسەردا تێ ئەپەڕێت ئەوا زیادەکردن و گۆڕین ی واتا ومەبەستەکانی ئەو بیروڕایە یەنە ئاراوە تاکات تێپەڕێت ئەم گوڕانکاریانە زیاد ئەکەن بۆیە لەسەر ئێمە واجبە بگەڕێینەوە بۆ لای هەڵگران ی سەرەتای ئیسلام چونکە ئاوە پاک وبێ گەرد وسازگارە دوور لەخەوش لەلای سەرەتاکانی ئومەتە چونکە هەقیقەت ی هەربانگەوازێک وەک خۆی بیناسیتەوە ئەبێت بگەڕێیتەوە بۆلای هەڵگرەکان ی سەرەتای ئەو بانگەوازە وگەیەنەرەکانی و سەربازە دڵسۆزەکان ی سەرەتاکەی ئەمەش هەمان واتای وتەکەی هاوەڵان ی بەرێزە ابن مسعود کەوەک فەرموویەت ی ئێوە لەسەر فیطرەت ی پاکی ئیسلام ـن بەڵام دوواتر شتانێک دروست ئەبن ودرووست ئەکرێن کەداهێنراون ولەئیسلام ـدا نیە (ئەی چارەسەرچیە لەوکاتەدا چی بکەین ؟ ابن مسعود بێ وەڵام جێی نەهێشتوین

فەرموویەتی :

(فإذا رأيتم محدثةً فعليكم بالهدّى الأول)

[فتح الباري لابن حجر 13/267]

هەرکات داهێنراوەکانتان بینی دەست بگرن بەهیدایەت ورێنمای پێشینەکانی سەرەتا ویەکەمجار.

بۆیە کەسێک خۆی لابات لەوەی سەرەتاکانی ئوممەت لەسەری بوون لەتێگەشتنی ڕاست ودروست ومامناوەندیان بۆشەرع و ڕێزینی چاکیان وچۆنیەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ موسڵمان وکافران و ئەهلی بیدعو وتاوان هەرکەس جاهل بێت وخۆی لابات لەڕەوشت بەرزی ئەوان و ژیری وداناییان لەگەیاندنی دینی پەروەردگار لەڕاستگۆی وداوێن پاکی و دڵسۆزی و ئیخلاص و عیبادەت ورەحمەت و چاکەکاری و دادپەروەری وتەنانەت بەزەی هاتنەوە و ڕەوشت جوانیان لەگەڵ ئاژەڵەکانیش ...هتد گەر کەسێ خۆی لابات لەلاسایی کردنەوەی ئەوان ئەوا خۆی بێ بەشکردووە لە گەورەترین خێر و زیانمەندێکی ڕوون و ئاشکرایە چونکە ئەوان پەروەردەکار بوون وخاوەن کردار بوون کردەوەکاربوون بەوەی ئەیانوت وشوێنکەوتە بوون بۆ سونەتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم قەڵای پتەوی ئیسلام بوون لەهەموو دووژمنێکی ناوەکی ودەرەکی .

هەربۆیە کاتێک پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەوەحی پەروەردگار یەتە قسە وئەفەرموێت :

(خير الناس قرني ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم)

[البخاري6065 ومسلم]

واتا : باشترین خەڵک خەڵکی سەردەم ی منە پاشان ئەوانەی دوای ئەوان یەن وپاشان ئەوانەی دوای ئەوان یەن.

کەئەفەرموێت (خیرالناس) واتا بەرەهای باشترین خەڵکن لەڕووی دینداری وتێگەشتنی لەدین وباشترین خەڵکان لەپەیرەوی کردن لەشەریعەت ی الله تعالی وباشترین خەڵک بۆسەرخستنی ئەم دینە وباشتر خەڵکی لەڕووی زانست وکردارەوە ولەڕووی گەیاندنی بەخەڵکی ئەوان باشترین خەڵکانن کەالله لێیان ڕازی بووە بۆیە ئەوان باشترین خەڵکانن کەواتا کەسێک بیەوێ ببێت بەکەسێکی باش و بەباشی لەدینی الله تعالی تێ بگات ئەبێت دینەکەی لەوانەوە وەربگرێت

کۆتایی بەم بەشە ئەهێنم بەوتەیەکی ئیمام ی ئەوزاعی رحمەالله تعالی کەفەرموویەت ی :

(اصبر على السنة وقف حيث وقف القوم وقل بما قالوا وكف عما كفوا عنه واسلك سبيل سلفك الصالح فإنه يسعك ما وسعهم)

[شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة ئەثەری ژمارە 315]

واتا : ئارامبگرە لەسەر سونەت بوەستە لەوجێگەیەی کەسەلەف تێیدا وەستان ئەوە بڵێ کەئەوان وتوویانە خۆت بگرەوە لەوەی ئەوان خۆیان لێگرتۆتەوە و ڕێبازی پێشین ی چاک بگرە بەر چونکە ئەوەی بۆئەوان بەس بوو بۆتۆش ئەوەندە بەسە تارزگارت بێت وسەرفرازبیت (پێویست بەوە ناکات داهێنان بکەیت وپێش ئەوان بکەویت بەڵکو شوێنکەوتەی ئەوەبە کەئەوان لەسەری بوون چونکە ئەوەی لەسەری بوون ڕزگاریکردن و سەرفرازی کردن)

کۆمەڵی سێهەم لە خەڵکی بەرامبەر بە سەلەف وزانایان

ئەوانەن کە الله تعالى ڕێنمایی کردوون بۆ ڕێزگرتن لەزانایان ی وئومەت وزانینی قەدر وپلە و وپایەیان وهەڵسان بەجێ بەجێ کردن ی مافەکانیان و سوپاکردنیان لەسەر سوود وچاکەکانیان وسوود وەرگرتن لە زانستەکەیان لەهەمان کاتدا زاناکان بەمەعصوم وپارێزراو لەهەڵە نابینن گەرچی ئەوزانایە چەندە پلەی ڕۆچووبێت لەعلم دا وو گەرچی تەنانەت ئەوزانایە کەسێکیش بێت لەهاوەڵان بەڵکو وتەی ڕاست و دروست ی زاناکان وەرئەگرن وە لەوشتانەش کەنەیان پێکاوە داوا ئەکەن لە الله تعالى پاداشتێکیان بۆ بنوسێت وەهەرکاتێک واز لەوتەی یەکێک لە زاناکان ئەهێنن لەبەر ئەوەیە کەوتەکەی لەڕووی بەڵگەی شەرعیەوە لاوازە بەلاَم لەقەدر وڕێزی زاناکە کەم ناکەنەوە وتانەیان لێ نایەن بەڵکو وەکو الله تعالى باسی کردوون ئەڵێن

{ وَالَّذِينَ جَاءُوا مِن بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ }

[سورة الحشر : 10]

ئەوانەش لە دوای موهاجرین وئەنصارٍ هاتون ئەڵێن ئەی پەروەردگارەکەمان لە ئێمەو لەو برایانەمان پێش ئێمە باوەڕیان هێناوە خۆشببە و هیچ بوغزو قینێک مەخەرە دڵمانەوە بەرامبەر بەوکەسانە باوەڕیان هێناوە ئەی پەروەردگاری ئێمە بەڕاستیی تەنها تۆی بە سۆزی میهرەبان.

هەربۆیە ئەهلی سونەت کەبەو شێوازە مامەڵە لەگەڵ زاناکان ی پێشین ئەکەن لەچاکەدا شوێنیان ئەکەون و لەهەڵەشدا ئومێدی ئەوەیان بۆئەکەن پاداشتێکیان بۆنوسرابێت بەڵام شوێن هەڵەکەی ناکەون چونکە پێوەری هەق وبەڵگە لەلای ئەهلی سونەت بریتیە لەوەی کەئیمام ی ئەهلی سونەت

شێخ ی ئیسلام ابن تیمیة رحمەالله تعالی باسی کردووە کەفەرموویەت ی :

(فدين الله مبنيّ على اتّباع كتاب الله وسنة نبيه وما اتفقت عليه الأُمَّة فهذه الثلاثة هي المعصومة وما تنازعت فيه الأمة ردوه إلى الله والرسول وليس لأحد أن ينصب للأُمّة شخصًا يدعو إلى طريقته يوالي عليها ويعادي غير كلام الله ورسوله وما اجتمعت عليه الأمة بل هذا من فعل أهل البدع الذين ينصبون لهم شخصًا أو كلامًا يُفرّقون به بين الأُمّة يوالون به على ذلك الكلام أو تلك السنة ويعادون)

[مجموع الفتاوى (20/164)]

واتا : ئاین ی الله تعالی بونیادنراوە لەسەر شوێنکەوتنی قورئان وسونەت ی پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه وسلم و ئەوەی ئومەت لەسەری یەکدەنگن (ئیجماع) ئەم سێ شتە پارێزراون لەهەڵە بەدەر لەمە هەرشتێکی تر ئومەت تێیدا ڕاجیاوازبن ئەوا ئەو ڕاجیاوازیە ئەگەڕێنرێتەوە بۆ قورئان وسونەت (بەپێی قورئان وسونەت ڕاجیاوازیەکە ئەپێوین کامەی هەق بوو لەگەڵ قورئان وسونەت یەکی گرتەوە ئەو وتەیە هەڵئەبژێرین بەوتەی ڕاست و وتەکەی تر کەهەڵەیە ڕەدی ئەکەینەوە لەگەڵ ڕێزگرتنمان بۆ ئەوزانایە کەلەوتەکەیدا نەیپێکاوە) بۆ هیچ کەسێ ڕەوانیە کەسێک بۆئومەت دانێت بانگەشە بۆڕێبازی ئەوکەسە بکات و دۆستایەت ی ودوژمنایەتی لەسەر

وتەی ئەوکەسە بکات چونکە دۆستایەتی ودوژمنایەتیکردن لەسەر بنەمای جگە لە قورئان وسونەت وئیجماع لەپێشەی ئەهلی بیدەعە کەسایەتیک (ئیمامێک زانایەک یان وتەیەک دائەنێن بۆخۆیان لەسەر بنەمای ئەوکەسایەتی وزانایە جیاوازی ئەکەنە ناو ئومەتەوە لەسەر بنەمای ئەوکەسایەتیە یان ئەو ڕێبازەی خۆیان دۆستایەتی ودوژمنایەتی بەرامبەرەکانیان ئەکەن .

بۆیە ئەهلی سونەت هەمووکات مامناوەندن چونکە الله تعالی فەرموویەت ی :

{ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ }

[سورة البقرة : 143]

کردومانن بە ئوممەت و گەلێکی مامناوەند نە وەکو (نەصارا) زێدەڕەون نەوەکو جوولەکەش کەمتەر خەمن تا لەسەر ئەو خەڵکە ببنە شایەت .

بۆیە ئەهلی سونەت کەپەیڕەوکاری هەقیق ی شەریعەت ی ئیسلام ن لە هەمووشتێکدا مامناوەندن دوورن لەدەمارگیری وزیدەڕەوی وکەمرەوی بۆیە نابینیت ئەهلی سونەت لەسەر وتەیەک تاکە زانایەک ولاء وبەراء دانێت ودەمارگیری لەسەر وتەی تاکە زانایەک بکات یان بەهۆی هەڵەیەکەوە زانایەک بسڕێتەوە وتانەی لێ بات بەپێچەوانەی ئەهلی بیدعە کاتێک وتەی زانایەک ئەبینێت لەگەڵ عەقڵی خۆی ئەگونجێت لەسەر بنەمای ئەو وتەیە یەت هەرکەس بەو وتەیە نەڵێت تەکفیر وتبدیع ی ئەکات بەڵام ئەهلی سونەت دەمارگیریان تەنها بۆ کتاب وسونەت وئیجماعە بەدەر لەوە گەر لەناو هەموو زانایاندا زۆرینەیان وتەیەک بڵێن وکەمینەیەکیش وتەیەکی تربڵێن پێوەری هەق لایان بەزۆرینەکە نیە بەڵکو هەردوو وتەکە زۆرینە وکەمینەکە ئەپێون بەکتاب وسونەت گەر وتەی کەمینەکە لەگەڵ حوکمی شەرع یەکی گرتەوە

وتەی کەمینەکە هەڵ ئەبژێرن و ڕێزی زۆرینەکەش ئەپارێزن و دووعای خێریان بۆ ئەکەن لەهەمان کاتدا کاتێک زاناکان لەبابەتێکدا دوو وتەیان هەیە ناچن وتەی سێهەم دابهێنن بەڵکو هەق لەنێوان یەکێکە لەو دوو وتەیەی ئەوان.

وەک شێخ ی ئیسلام فەرموویەتی :

(وَذَلِكَ أَنَّ إجْمَاعَهُمْ لَا يَكُونُ إلَّا مَعْصُومًا وَإِذَا تَنَازَعُوا فَالْحَقُّ لَا يَخْرُجُ عَنْهُمْ فَيُمْكِنُ طَلَبُ الْحَقِّ فِي بَعْضِ أَقَاوِيلِهِمْ وَلَا يُحْكَمُ بِخَطَأِ قَوْلٍ مِنْ أَقْوَالِهِمْ حَتَّى يَعْرِفَ دَلَالَةَ الْكِتَابِ وَالسُّنَّةِ عَلَى خِلَافِهِ)

[الفتاوى ج13 ص 24]

واتا : بەوشێوەیە ئیجماع ی ئەوان ئیلا هەقە وپارێزراوە لەهەڵە بەڵام ئەگەر لە بابەتێکدا ناکۆک بون ئەوا هەق لە چوارچێوارەی ئەو وتانەی ئەوان دەرناچێت بۆیە پێویستە هەق لە ناو هەندێک لە وتەکانیان بدۆزرێتەوە وەحوکم بەهەڵە بون ی هیچ یەکێک لەوتەکانیان نادرێت تائەوکاتەی بەبەڵگەی قورئان وسونەت ئەسەلمێنرێت وتەکەیان پێچەوانەی کتاب وسونەتە.

ئیمام ی ابن قدامة رحمه الله تعالى فەرموویەتی :

(ومتى ما انقسم أهل العصر على قولين في حكم لم يجز إحداث قول ثالث لأنه يخالف الاجماع)

[المغني 10/470]

هەرکاتێک زانایان ی سەردەمێک لەسەر دوو بۆچون دابەش بوون جائیزنیە کەسێک هەستێت وتەی سێهەم دابهێنێت چونکە ئەمە پێچەوانەی ئیجماعە.

كەواتـا گەر زاناكـان لەبابەتێكدا ڕاجیاوازبـوون تۆش وتەیـەكی تر دابهێنیت كەپێچەوانەی ئەو جیاوازیە بێت كە لەو ناو زاناكان بـووە ئەمە ئەبێت بـەبیدعە

شیخ الإسلام ابن تـیمیة ئـەفەرموێت :

(كل قول ينفرد به المتأخر عن المتقدمين ولم يسبقه إليه أحد منهم فإنه يكون خطأ كما قال الإمام أحمد بن حنبل: إياك أن تتكلم في مسألة ليس لك فيها إمام)

[مجموع الفتاوى 21/291]

واتـا : هەروتەیـەك كەسانی دوواتر تێیدا دەركەوتن و كەس لەپێشین ئەو وتەیەی نەوتێت ئەوە بەهەڵە دائەنرێت وەك چۆن ئیمام ـی ئەحمەد فـەرموویەت ـی ئاگاداربـە لە قسەكردنت لـە بابەتێكدا كەهیچ زانایەك پێش خۆت ئەوشتەی نەوتبێ.

وەفەرموویەت ـی :

(إن علماء المسلمين إذا تنازعوا فى مسألة على قولين لم يكن لمن بعدهم أحداث قول ثالث بل القول الثالث يكون مخالفا لإجماعهم)

[مجموع الفتاوى 27/308]

واتـا : زانایـان ـی ئیسلام كاتێك لەبابەتێكدا بەسەر دوو وتەدا دابەش ئەبن وناكۆك ئەبن بۆكەسانی دوای ئەوان دروست نیـە وتەی سێهەم دابهێنن چونكە داهێنانی وتەی سێهەم پێچەوانەیە بـۆئیجماعی ئەوان .

کەواتا مامەڵەمان لەگەڵ وتەی زاناکان بەوجۆرەیە کاتێک لەبابەتێکدا هەنێ زانا شتێک ئەڵێن وهەنێکی تریان شتێ تر ئەڵێن ئەوا هەق لەگەڵ وتەی لایەکیان ـدایە ئێمە وتەیەکی تازەتر داناهێنین جیابێت لەو دوو وتەیەی زانایان وە لەنێوان ئەو دوو وتەیەی زانایان لەوبابەتەدا بەپێی قورئان وسونەت وتەی ڕاستیان یەکلا ئەکەینەوە نەک بەپێی گەورەیی زاناکە واتا بۆنمونە لەگەڵ سۆفیەک ئەکەویتە مشتومڕەوە پێت ئەڵێت ئیمام شافعی وائەڵێت تۆش ئەڵێی ئیمامی ئەحمەد وائەڵێت ئەویش ئەڵێت ئیمام ی ابو حەنیفە وائەڵێت تۆش ئەڵێیت ئیمام ی مالک وائەڵێت لێرەدا ناسینی هەق بەوەنیە خاوەن وتەکە کام ئیمامە بەڵکو ئەبێت بڵێی الله تعالى فەرمانی پێکردووین کاتێک ڕاجیاواز بووین وتەی هەردوولای زاناکان بگەڕێنینەوە بۆلای حوکم ی الله ورسولەکەی گەر وتەی کام لەوزانایانە بەڵگەی لەسەر بوو لەقورئان وسونەت ئەوا ئەو وتەیە هەق ـە و زاناکەی تر نەیپێکاوە چونکە بێگومان هەق لەگەڵ وتەی یەکێکیان ـدایە وەهەق ی ڕەهاش لەکتاب وسونەتە تەنها بەکتاب وسونەت بۆمان دەرکەوێت کامە هەق ـە چونکە الله تعالى فەرموویەت ی :

{ فَإِن تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِن كُنتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ۚ ذَٰلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا }

[ســـورة النساء : 59]

واتا : ئەگەر لەشتێکدا کێشەو ناکۆکیتان بوو جا بیگێڕنەوە بۆ لای الله ـ و پەیامبەر صلى الله عليه وسلم (واتە باتەنها قورئان و سوننەت داوەرو حەکەمتان بن) ئەگەر باوەڕتان بە الله ـ و بەرۆژی دوایی هەیە ئەوگێرانەوەی کێشەو ناکۆکیەتان بۆلای قورئان و سوننەت جوانترو چاکترە بۆتان چاکترین ڕەفتاریشە بۆداهاتووتان.

کـەواتا گەر کەسێک ڕازی نەبێت ڕاجیاوازی وتەکان ی زانایـان بگەڕێنێتەوە بـۆبەڵگەی کتاب وسونەت بـەڵکو هەق بەخاوەن وتەکە بناسێتەوە نەک هەق بەبەڵگە بناسێتەوە ئەوا بەڵگـەی ئەوەیـە باوەڕی بەالله ورۆژی دوای نیـە وە خودی وتەی زاناکەی کردۆتە بـەڵگە ئەمەش هەڵەیـە چونکە بنەمایـەکی شەرعیمان هەیــە

(أقوال العلماء لا يحتج بها ولكن يحتج لها)

یـاخود (العالم يستدل لـــه ولا يستدل بــه)

واتـا سەیری ئەو بەڵگەیە ئەکرێت کەزاناکە هێناویەتیـەوە نەک خودی زاناکە بکرێت بەبەڵگە بـەڵکو سەیرەکەین گەر وتەی زاناکە بەڵگەی لـەسەربوو ئەوا کار بەبەڵگەکە ئەکەین چونکە بەڵگە بریتیە لەکتاب وسونەت بـەڵام گەر بەڵگەی زاناکە لاوازبوو یـان نەیپێکابوو ئەوا قسەکەی نابێت بەبەڵگە لـەبەر ئەوەی فـڵان زانا وتویـەت ی لەگەڵ پارێزگاری لـەڕێز وپێگەی زاناکە الله تعالـی پارێزراومان بکات لـەزیادەڕەویی وکەمڕەوی.

والحمـدلله رب العالمـين